له داوێنی :

حەمە سەعی حەسەن لەهەولێر دادگایی کرا!

فایلی دیرۆکی جوان و ژیاننامە خاوێنەکەی

(بەشی یەکەم)

هوشیار سالح ئەمین

H.SALH.EMIN@yahoo.com

+ حەمەسەعی قەرەداغی یان حەمە سەعی حەسەنی برای حەمە غەفور وحەمە فەریق قەرەداغی یاخود ح-س قەرەداغی لە1950/1/21 لەگەڕەکی سەیداوای شاری هەولێر لەدایك بوە.

+ قوتابخانەی سەرەتای ی و ناوەندی ی کۆماری لە شاری هەولێر تەواو کردوە، لە 1/1/ 1970 بەویستی خۆی روی لە مەعەسکەری شاری عەمارە کردووە پۆشاکی سەربازی ی بەعسی پۆشیوە.

+ لە1970/2/22 لەسەربازی تەسریح دەکرێت، دەی ئەو کەهیوای خزمەت کردنی سەربازی عیراقی دەبێت، لە 1970/4/1دا بەپای خۆی روو لەمەعەسکەرە کۆنەکەی عەمارە دەکات، سەری دەتراشن و جلکی کەسکی سەربازی بەعس بەوبالا بەرزەی دەبڕن.

+ لەگەرمەی تەموزی 1970دا، لەبانی حەبانی یە (هضبة الحبانية) لەسەر خواستی خۆی، لەخولاوی " کتیبە مقاومە الگائرات الخفیفە" وەردەگیرێت و و بەرپرسی ئەو بەتەری یە- البگریە العاشرە- عەقیدێکی کورد بوە، بەناوی وریا کاکەمین، خەڵکی دەڤەری بتوێن دەبێت[1]، ئەم حەمەیەی هەنووکە خۆی بەتاکە پاڵەوانی دژ بەدەستەڵاتی بەعس لەقەڵەم دەدات، ساڵ ونیوێکی تەواو سەری سفرکراوەو بەبەرگی سەربازی یەوە چەکی لەخزمەتی بەعسدا هەڵ گرتوە.

+ لە 1974دا لەبەری نیشتمانی پێش کەوت و خوازدا نوێنەری – (حشع) دەبێت وشان بەشانی سوپای بەعس و سەدام دژ بەشۆڕشی ئەیلول دەجگێت.

+ لەهاوینی 1974دا لەسلیمانی لەچاپخانەی (الشعب) هانی کاوەی رەوف زوهدی دەدات، سوکایەتی بەعەبدوڵا جەوهەر بکات و زلەیەکی لێ دەدات.

+ لەپایزی 1974دا کاتێك لەسەید سادق جەنازەیەکی پێشمەرگە دەست چەکدارەکانی (حشع) دەکەوێت و لەبەردەم بارەگاکەیاندا، دای دەنێن حەمە سەعی ی کۆڵوانە سور ، بەبەرچاوی هاوڕێ و خەڵکانێکی سەید سادقەوە بەکەوشەکەی لەکەلەسەری پێشمەرگە شەهیدەکە دەدات.

+ دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بەو حونجەتەی کۆنگرەی پێنجەمی نوسەرانی کورد گرێ بدرێت خۆی و حەمەفەریقی برای و چەند نوسەرێکی دی بەرابەرایەتی ئەژی عەبدوڵا گۆران بەئیمزای خۆیان نامەیەکی دەست نوس بۆتاریق عەزیز دەنێرن دژ بەکوردو شۆڕش دەدوێن و بەشان و باڵی رژێمی بەعس دا هەڵ دەدەن[2].

+ ساڵی 1969 حەمە تازە دەست بەنووسین دەکات، بەناو شیعرەکانی دەداتە عەریف نەجاتی سیخورو بەچەباز، تالە بڵاوکراوەی (مرکز الشباب) ی بەعس لەسلێمانی بۆی بڵاوبکاتەوە[3]. هەندێکیان لەپۆستەی خوێنەراندا وەڵام دەدرینەوە.

+ لە 1982 لەدیداری چیرۆکی کوردی لەهەولێر راپۆرت لەسەر چیرۆکەکانی ئەو دیدارە دەنوسێت و لەرێگای ئەمنێکی عەربەوە، بۆ بەرپرسی ئەمنی شیمالی- ئەبو عەلائی دەنێرێت[4].

+ ساڵی 1982 حەمەسەعی لەنێوان یەکێتی نوسەرانی لقی سلێمانی و دەزگای ئەمنی بەعس "منسق الامن" دەبێت و لەدژی هاوڕێ ئەدەبیەکانی خۆی راپۆرت بەملازم فارس دەدات.

+ ساڵی 1982 کاتێك حەمە "منسق الامن"ی نێوان یەکێتی نوسەران و دەزگای ئەمن دەبێت لەبەردەم دەستەی نوسەرانی لقی سلێمانی {حەمە فەریق، سەلام مەنمی، دکتۆر کەمال میراودەلی}بەحونجەتی ئەوەی ئەمین سندوقی لقی نوسەرانە، لەبەرپرسی فەرعی بەعس لەسلێمانی دەپاڕێتەوە محاسبی لقی (کەخۆی دەبێت) لەسەید سادقەوە بۆناوشار بێ گوێزیتەوە.

+ لەمانگی ئابی 1989 دوای ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان ئەم نوسەرە بوێرو ئەنتی بەعسە لەرێگای مخابەراتەوە شیعری (بینای ی) کەهێرشە بۆ سەر یەکێتی نیشتمانی و پێشمەرگەو شێرکۆ بێ کەس، بۆ بەعسی دەنێرێت، تا لەبەغدا بۆی بلاوبکەنەوە، پێ ی نەنگ نی یە لەسەنگەری بەعسەوە گولە بەنەیارەکانی یەوە بنێت[5].

+ حەمە تا هوونەکە قارەمانی شەڕێ برا کوژی یە و ئاژاوە لەنێوان یەکێتی و پارتی دا دەنێتەوە، فێرە راپۆرت نوسینە، لەناو شاری هەولێر راپۆرتی بۆ ئەبو عەلای بەرێوەبرەی گشتی ئەمن ناردوە، لەشاخ راپۆرتی لەسەر شێرکۆی بێ کەس و حەمە موکری و محەمەدی حەمە باقی نوسیوەو هەنووکەش وا بەدەمی خۆی لەسویدەوە دەڵێت: راپۆرتێکی خبەرەلێدانم پێشکەش بەکاك مەسعود کرد[6].

+ حەمە لەنوسینەکانیدا، سوکایەتی بەشاعیرە داهێنەرەکان دەکات و ناوی نشتمانپەروەران دەزڕێنێت و ناودارانی کورد لەکەدار دەکات و چەندیشی پێ کرابێت، فایلی تەزویری بۆ دروست کردون لە نمونەی ئەو فایلە تەزویرەی بۆ تایەر ساڵح شەریفی دروست کرد[7].

+ حەمە لەخۆرا شەڕێ بە 488 ئەدەیب و کەسایەتی نیشتمانی و ناودارانی کوردفرۆتوە دوایەکەیان لەئەنجامی ئەوهێرشانەی، بەمەبەستی ناو زڕاندن و لەکەدار کردنی رابرودوی عەبدوڵا ئاگرین، لە 2004/7/20 دادگای کەتنی (جُنح)ی هەولێر بڕیاری حوکمی سێ ساڵ زیندانی بەسەردا بڕیوە، بۆ ئەوەی رەدی ئیعتباری یاسایی و کۆمەڵایەتی بۆ عەبدوڵا بگەڕێتەوە، دادگا بڕیاری دا (150) سەدو پەنجا ملوین دینار، سزای حەمە سەعی حەسەن بدرێت.

+ حەمە خودانی ئەوفایلە جوان و سپی یە یە ،دەی لە 2004/12/26،دەزگای ئاراس، دەزگای رەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی هەولێر – پاداشتی بە چواردەهەزار دۆلار دایەوە.

چاوەڕوانبن لەپەراوێزی ئەم -7- زنجیرە نوسینەدا چەند دیکۆمنتێك و لەناویان دا بڕیاری سێ ساڵ زیندانی حەمە سەعی حەسەن لەدادگای هەولێر بلاو دەکەمەوە.

<u>سەرنج</u>

لەسەرمە پێشەکی سوپاسی هەڵوێستی جوانی ئەو هاوڕیانە بکەم،تەواوی فایلی دادگای کردنەکەیان بۆرەوانەکردم، دەگەڵ سوپاسی هەمووئەوئازیزانەی، بەزایناری راست و دیکۆمێنتی زیندو هاریکاریان کردم.

<u>سەرچاوە</u>

1- کوردستان نێت 2004/3/25

2- نامەیەکی دەست نوس بەئیمزای ئەژی عەبدوڵا گۆران وحەمە سەعی حەسەن و حەمەفەریقی برای پێش کەش بەتاریق عەزیزکراوە.

3- بلاوکراوەی "مرکز الشباب " ژمارە ... ساڵی 1969.

4- دڕینی پەردەی ئەدەب لەروی دو بێ ئەدەبدا کورد تایمز 2004/9/25.

5- **كورد تايمز** 2005/10/4

6- **گۆڤاری هەرێم ژمارە** (327) **لە** 2005/2/15 ، **ل**70.

7- **كوردستان پۆست** 2004/6/3، 2004/7/2، 2004/9/27

درێژەی هەیە

دیكۆمێنتێكی دادگا

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

هەرێمی كوردستانی عێراق

وەزارەتی داد

سەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی

ناوچەی هەولێر

بەریوەبەرایەتی كەسایەتی

ژمارە 300/8/2

رێكەوت 2004/2/17

وەزارەتی دادی هەرێمی كوردستان/ ب. پەیوەندیەكانی

ب:- ڕەزامەندی

دادگای لێكۆڵینەوەی هەولێر بەنووسراویان ژمارە 172 لە 2004/2/17...

پێیان راگەیاندین كە تۆمەتبار (حمە سعید حسن) تۆمەتبارە بەپێی ماددەی 433 لە ی.س. كە لە دەوڵەتی سوید لەرێگای ئەنتەرنێت هەندێ تۆمەتی خستۆتەپاڵداد خواز (عبداللە عزیز خالد) ناسراو بە (دكتۆر عبداللە ئاگرین) تكایە بەپێی ماددەی 53/ب لە (ی.ب.د.س) رەزامەندی بەرێز نوێنەری داد وەربگیرێت لەسەر دەستپێكردنی رێكاری یاسایی وەكێشە كەللاەیەن بەرێز دادوەر عبدالباسط عبداللە فرهادی) ە بفرەموون... لەگەڵ رێزدا.

سەرۆك

وێنەیەك بۆ/

دادگای لێكۆڵینەوەی هەولێر / نووسراوی سەرەوەتان بەفرموون بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ رێزدا

لە داوێنی:

فایلی حەمە سەعی حەسەن لە هەولێر دادگایی کرا!

-بەشی دووەم-

هوشیار سالح ئەمین

نوسین هەلوێستە وپرۆسستێکی ئاکارانەی مەعریفییە، دەقی بەسود دەخولقێنێت، بە شەفافیەتەوە، خۆی لەنێوەندی ژانرە جۆراو جۆرەکانی بواری فیکری وپراکتیزم دا ساغ دەکاتەوە.

لەو سۆنگەیەوە، رەخنەو لیکۆڵینەوە، پەی بەلایەنە شاراوەکانی دەق دەبەن، دەقی مەعریفیانە ئاسۆی بیرو هۆشی ئادەم زاد فراوانتر دەکات و گەشە بەهوشیاری وەچەی نوێ دەدات، و رووژاندنێکی بەردەوام وخەملاندێکی سەلمێنەر بەرپا دەکات.

حەمە نایشارمەوە، سترۆکتۆری ئەم نوسینە لەسەر بنچینەی دایەلۆگی شارستانی و دەرخستنی راستی و پشتگیری کردنی هەق دامەزراوە. سۆزو هەلویستی ساتەوەختی هانی نەداوم، گرنگی بەقسەو نوسینەکانت بدەم، دەی وەک خۆت دەڵێت شەرفرۆتنت بەو هەموو نوسەرو سیاسەتمەدارو لایەنە سیاسیانە، بەتایبەت روشن فکرانی وەک دکتۆر کەمال میراودەلی، دکتۆر رەفیق سابیر، بەختیار عەلی ، کەمال جەمال موختار، نەبەز گۆران، تایەر سالح شەریف، حەکیم کاکە وەیس، سەرۆ قادر ،دکتۆر حسین محەمەد عەزیز، نەژاد عەزیز سورمێ ، سەلام عەبدولا ئیبراهیم، دکتۆر عزەدین مستەفا رەسوڵ، محەمەد حەمەباقی، دکتۆر عەبدولا ئاگرین، رێبوار سیوەلی ، سامی شۆرش، شێرکۆ بێ کەس و دەیانی دی. . . لە خۆوە سەری هەڵ نەداوە سکێورتی: تۆلە و قین و هەست بەکەمی هەوێنی نوسینەکانتن، ئەو هۆکارانە بەگشتی و ململانێی نێوان تۆ و عەبدولا ئاگرین وەی لیکردم، نەک تەنها نوسینەکانی ئەو دەمەت بەسەر کەمەوە، بەڵکو نوسینەکانی رابرودوت وەک بەلگەی زیندو وەچەنگ خەم، تاخۆم دوچاری گرفت و روبەرو بونەوەی نێگەتیفانە نەکەم، ئەوەبوو بەئیمێل، فاکس ، نامە، تەلەفۆن.. پەیوەندیم بەلایەنە پەیوەندیدارەکانی نێوانتانەوە کرد، بەشەخسی ئیمێلم بۆتۆش ناردو داوای وەلامی هەندێک پرسیارم لیکردیت، مەخابن، وەلامی سەلامە کەشمت نەدایەوە، من خۆشم ناوێت، دەی بێدێکۆمێنت و بەلگەی زیندوش تاوانبارت ناکەم.

من مەردمێکی موستەقیمم، دەی لایەنگیری هەقم . هیچ کێشەیەکی تایبەتیم لەگەڵـت نییە سەرسام نیم پێت رقم لێت نابێتەوە، گەرەکیشم نییە زیانت پێبگەیێنم. ئەوەی بەرووتدا دەدەمەوە، بۆ ئەوەیە، لەهەڵە کردن و چەوتی دورت بخەمەوە و سەر رەحەت بژێت.

تۆ بەدەمی خۆت دەڵێت-بڕوای تەواوم بەخۆم نییە، هەرخودی خۆت، رۆژی 2005/6/22 لەسایتی دەنگەکان دا دەبێژیت- گەورەترین کارەساتێک کە بەرەو رومان بێتەوە، ئەوەیە بڕوامان بەخۆمان نەبێت- دەی تۆ ئاگات لەخۆت هەیە؟

دەزانیت ئەو پەیڤە تەنها روی خۆت دەگرێتەوە.؟ . ئەمە قسەی گیرفانم نییە و خۆت لەلاپەرە (65)ی گۆڤاری گولانی ژمارە(546)ی 2005/7/221 دا دەپەیڤیت: - زۆر متمانەم بەخۆم نییە- نووسەرێک دڵان بەوەدانێت، بڕوا و متمانەی بەخۆی کەمە. ئیدی لەناو کۆمەڵدا چ مسداقیەتێکی دەبێت، کێ بڕوا بەپەیڤ هەلوێستەکانی دەکات؟.

حەمە ئەو بێبڕواییەت، دووچاری ڕاڕای و دڵەراوکێی کردویت، بۆیە بەردێک لەئاسمان بکەوێتە خوارێ بەعەبدوڵای دەزانێت، و سێبەری خۆشت لێ بووە (بەو)، دەی کاتێک نەخۆشی شەکرە، پاڵەپەستۆی خوێن، کۆڕسترۆڵ و پروستات و شەقیقە، تەوژمی ژانت بۆ دێنێت، فریشتەی ویژدان و هەق، تارمایی عەبدوڵا و قوربانییەکانی دیکەت لەبەردەممدا ئامادە دەکات.

لەدەمێکدا و لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنی،عەبدوڵا ئاگرین بەڕاشکاوی گوتی: دوای ئەوەی بەتەحەداوە و بە بەڵگە و شایەت عەیانەوە، وەڵامیم دایەوە و راستی بۆ هەمولایەک دەرکەوت و مەبەست لە بوختان و قسە دروست کراوەکانی ئاشکرا بو، ئیدی لە 2004/4/27 بە بەڵێنی خۆمەوە پەیوەست بوم و تائێستا نەک رستە، یەک وشەشم دەربارەی ئەو نەنووسیوە و ناشی نووسم مەگەر زۆرم بۆ بهێنێت، بەڵام مافی رەوای خۆم بەیاسا و دادگا سپارد و بەهەقیش ئەو ماف و رەدی ئیعتبارەم وەرگرتەوە. ئێستا بەدواش زمانی شارستانی بەرامبەر هەر بوختان و قسەیەکی دروست کراوی بەکار ئەهێنم. . وەک چۆن لەسەر نوسینێکی ناو کوردستان نیتی ئازیز لە 2005/3/25دا لەکات و شوێنی خۆیدا دەعوایەکی نوێ دیم لەسەر تۆمارکرد.

حەمە تۆ بەناهەق شاڵاوت بۆ ئەو مرۆڤە بەئەدەب و بەئەخلاقە نیشتمانپەروەرە برد، دوای ئەو تۆمەتە ناڕەوایانەی وەپاڵت ناوە. دەی هێشتا ئەو بەزمانی گوڵ و شارستانیەت لەگەڵت دەوێت.. جا هەقە مرۆڤی بەهەڵوێستی جوامێر و بەویژدان پشتگیری تۆی شەڕەنگیز یاخود ئەوەی بێ وەی بکات؟ . تۆ بۆ ئەوەی ختوکەی فیزی خۆت بدەیت و چێژی کاتێ تاکە کەسی خۆت وەرگریت ئازاری 488 مرۆڤی دیاریکراوت داوە، ئەوەیە وای لێ کردویت بیر وهۆشت ئارام نییەو خەو وخۆراکت لێ تاڵ بوەو ویژدانت ئازارت بدات، لەکوردستان نێتی 2004/9/28 دەپەیڤیت هەندێک جار کە بەزەییم بەقوربانییەکانمدا دێتەوە، ویژدانم ئازارم دەدات- خۆت ددانی پێدا دەنێت، قوربانییەکانت تەنیا یەک مرۆڤ نییە، کەسانێکی زۆرن، زوڵم ناهەقیت بەرامبەریان کردوە، مەخابن ددان بەوەدا نانێت، ئەگەر ویژدانت هەبێت، ئەوا بەردەوام ئازارت دەدات، دەی من لەو بڕوایەدام کاتی خواردن و حەوانەوە و نوستنت ویژدانت دەست لە بینە قاقات دەنێت، ئازارت دەدات تاکو دەت خنکێنێت.

حەمە مەبەست لەم زنجیرە نووسینەم، نەساتێرە و نەسوکایەتی پێ کردنتە، دەمەوێت بزانیت، تۆ لەوەهمدا دەژیت، تۆ تاکێکی بوغرا و ڕاڕایت، ئەوەی ئەمڕۆ دەیڵێت ودەینووسی، سبەی قەوانەکەی هەڵدەدەیتەوە یاخود لێی پاشگەز دەبێتە، دەی نازانیت تۆ خاوەنی پرۆسەیەکی مەعریفی و پەیامێکی مرۆڤانە و فیکرێکی دیاریکراونیت؟.

لەم رەئیەم سەغڵەت مەبە، تۆ بەدەمی خۆت ئەو راستیەت سەلماندوە، لە کوردستان نێی 2005/5/25 دەپەیڤیت من فیکرێکی دیاریکراوم پێ نییە- تۆ خاوەنی میتۆدێکی عەدائیانەیت، زۆر دڵسۆز تەقەلایان لەگەڵت دا، واز لەو رێبازە چەوت و زیان بەخشە بهێنێت، دەی وەڵامی تۆ وابوو، هەموو دنیا دژم بێت لە سەر بەزمی خۆم بەردەوامم، بۆیە شیاوی بەزەیی پیاهاتنەوەنیت.

من تەواوی فایلە قەبەکەی دادگای کردنەکەتم لەبن دەستدایە، بۆ سەلماندنی راستیی ناوەخنی ئەم (7) زەنجیرە نووسینە، جارێ تەنها چەند دیکۆمێنتیکی دادگای کردنەکەت پێشکەش دەکەم، تا دوواهەمین زنجیرە ئارامت بێت و چ هاریکاریەکت گەرەکە لەمنت بوێت و ئەدرێسی شوێن و نمرەی تەلەفۆن و فاکس و وێنەیەکی خۆشمت بۆ دەنێرم، چ پێویست بەهانابردن بۆ کەس و لالانەوە و پاڕانەوە و دەست و پاماچ کردن ناکات.

ئەمەش دیکۆ مێنێتیە کە

درێژەی هەیە

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ناوشار/ ڕۆژئاوا ژمارە/2767

جولانەوە ڕێكەوت:2004/5/4

بۆ/بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر/ جولانەوە

بنكەی پۆلیسی حانەقا بەنووسراویان 2004/4/126229 ئاگاداری كردینەوە كەفەرمانگەی لێكۆڵینەوەی دادی لەدادگای لێكۆڵینەوەی هەولێر بەنووسراویان فق لە 2004/4/24 ئاگاداری كردنەوە لەسەر بڕیاری بەرێ. دادوەری لێكۆڵینەوەی هەولێر داوایان كردووە كەتومەتبار (حەمە سعید حسن) دەستگیر بكرێت كەفەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە لەدادگای سەرەوە بەپێی مادەی 239 ی.س لەبەر ئەوەی ئیهانەی دادگاو دادوەرو یاسایی حكومەتی هەرێمی كوردستانی كردوو، بۆیە هاوپێچ یاداشتی دەستگیركردنی بۆتان ڕەوانە دەكەین بۆ بڵاوكردنەوەی بەسەر گشت بازگەكان و خاڵەانی پشكنین بەمەستی دەستگیركردنی وەرەوانەكردنی بۆ شویَ ی مەبەست بۆ ئاگاداریتان ناوبراو پێشتر دانیشتوی گەڕەكی سیداوەبووە بەڵام بەپێی اشعاری مختار لەشوێنی خۆی باری كردووە لەئەنجام ئاگادارمان بكەنەوە لەگەڵ ڕێزدا.

عەقیدی پۆلیس

خلیل خدر سورچی

بەڕێوبەری پۆلیسی ناوشار/ ڕۆژئاوا

هاوپێچ//-

یادشتتی دەسگیركردنی

اشعاری مختار

وێنە بۆ//-

-بنكەكانی تر/ / بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە بۆ كاری پێویست.

- بنكەی پۆلیسی خانەقا/نووسراوتان لەسەرەوە بۆ زانین.

+ ساڵی 1982 حەمەسەعی لەنێوان یەکێتی نوسەرانی لقی سلێمانی و دەزگای ئەمنی بەعس "منسق الامن" دەبێت و لەدژی هاوڕێ ئەدەبیەکانی خۆی راپۆرت بەملازم فارس دەدات.

+ ساڵی 1982 کاتێك حەمە "منسق الامن"ی نێوان یەکێتی نوسەران و دەزگای ئەمن دەبێت لەبەردەم دەستەی نوسەرانی لقی سلێمانی {حەمە فەریق، سەلام مەنمی، دکتۆر کەمال میراودەلی} بەحونجەتی ئەوەی ئەمین سندوقی لقی نوسەرانە، لەبەرپرسی فەرعی بەعس لەسلێمانی دەپاڕێتەوە محاسبی لقی (کەخۆی دەبێت) لەسەید سادقەوە بۆناوشار بێ گوێزیتەوە.

+ لەمانگی ئابی 1989 دوای ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان ئەم نوسەرە بوێرو ئەنتی بەعسە لەرێگای مخابەراتەوە شیعری (بینای ی) کەهێرشە بۆ سەر یەکێتی نیشتمانی و پێشمەرگەو شێرکۆ بێ کەس، بۆ بەعسی دەنێرێت، تا لەبەغدا بۆی بلاوبکەنەوە، پێ ی نەنگ نی یە لەسەنگەری بەعسەوە گولە بەنەیارەکانی یەوە بنێت[5].

+ حەمە تا هوونەکە قارەمانی شەڕێ برا کوژی یە و ئاژاوە لەنێوان یەکێتی و پارتی دا دەنێتەوە، فێرە راپۆرت نوسینە، لەناو شاری هەولێر راپۆرتی بۆ ئەبو عەلای بەرێوەبرەی گشتی ئەمن ناردوە، لەشاخ راپۆرتی لەسەر شێرکۆی بێ کەس و حەمە موکری و محەمەدی حەمە باقی نوسیوەو هەنووکەش وا بەدەمی خۆی لەسویدەوە دەڵێت: راپۆرتێکی خبەرەلێدانم پێشکەش بەکاك مەسعود کرد[6].

+ حەمە لەنوسینەکانیدا، سوکایەتی بەشاعیرە داهێنەرەکان دەکات و ناوی نشتمانپەروەران دەزڕێنێت و ناودارانی کورد لەکەدار دەکات و چەندیشی پێ کرابێت، فایلی تەزویری بۆ دروست کردون لە نمونەی ئەو فایلە تەزویرەی بۆ تایەر ساڵح شەریفی دروست کرد[7].

+ حەمە لەخۆرا شەڕێ بە 488 ئەدەیب و کەسایەتی نیشتمانی و ناودارانی کوردفرۆتوە دوایەکەیان لەئەنجامی ئەوهێرشانەی، بەمەبەستی ناو زڕاندن و لەکەدار کردنی رابرودوی عەبدوڵا ئاگرین، لە 2004/7/20 دادگای کەتنی (جُنح)ی هەولێر بڕیاری حوکمی سێ ساڵ زیندانی بەسەردا بڕیوە، بۆ ئەوەی رەدی ئیعتباری یاسایی و کۆمەڵایەتی بۆ عەبدوڵا بگەڕێتەوە، دادگا بڕیاری دا (150) سەدو پەنجا ملوین دینار، سزای حەمە سەعی حەسەن بدرێت.

+ حەمە خودانی ئەوفایلە جوان و سپی یە یە ،دەی لە 2004/12/26،دەزگای ئاراس، دەزگای رەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی هەولێر – پاداشتی بە چواردەهەزار دۆلار دایەوە.

چاوەڕوانبن لەپەراوێزی ئەم -7- زنجیرە نوسینەدا چەند دیکۆمنتێك و لەناویان دا بڕیاری سێ ساڵ زیندانی حەمە سەعی حەسەن لەدادگای هەولێر بلاو دەکەمەوە.

سەرنج

لەسەرمە پێشەکی سوپاسی هەڵوێستی جوانی ئەو هاوڕیانە بکەم،تەواوی فایلی دادگای کردنەکەیان بۆرەوانەکردم، دەگەڵ سوپاسی هەمووئەوئازیزانەی، بەزایناری راست و دیکۆمێنتی زیندو هاریکاریان کردم.

سەرچاوە

1- کوردستان نێت 2004/3/25

2- نامەیەکی دەست نوس بەئیمزای ئەژی عەبدوڵا گۆران وحەمە سەعی حەسەن و حەمەفەریقی برای پێش کەش بەتاریق عەزیزکراوە.

3- بلاوکراوەی "مرکز الشباب " ژمارە ... ساڵی 1969.

4- دڕینی پەردەی ئەدەب لەروی دو بێ ئەدەبدا کورد تایمز 2004/9/25.

5- کورد تایمز 2005/10/4

6- گۆڤاری هەرێم ژمارە (327) لە 2005/2/15 ، ل70.

7- کوردستان پۆست 2004/6/3، 2004/7/2، 2004/9/27

درێژەی هەیە

دیکۆمێنتێکی دادگا

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق

وەزارەتی داد

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی

ناوچەی هەولێر

بەریوەبەرایەتی کەسایەتی

ژمارە 300/8/2

ڕێکەوت 2004/2/17

وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان/ ب. پەیوەندیەکانی

ب:- ڕەزامەندی

دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەنووسراویان ژمارە 172 لە 2004/2/17...

پێیان ڕاگەیاندین کە تۆمەتبار (حمە سعید حسن) تۆمەتبارە بەپێی ماددەی 433 لە ی.س. کە لە دەوڵەتی سوید لەڕێگای ئەنتەرنێت هەندێ تۆمەتی خستۆتەپاڵداد خواز (عبداللە عزیز خالد) ناسراو بە (دکتۆر عبداللە ئاگرین) تکایە بەپێی ماددەی 53/ب لە (ی.ب.د.س) ڕەزامەندی بەڕێز نوێنەری داد وەربگیرێت لەسەر دەستپێکردنی ڕێکاری یاسایی وەکێشە کەللاەیەن بەرێز دادوەر عبدالباسط عبداللە فرهادی) ە بفرەموون... لەگەڵ رێزدا.

سەرۆك

وێنەیەك بۆ/

دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر / نووسراوی سەرەوەتان بەفرموون بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ رێزدا

له داوێنی:

فایلی حەمە سەعی حەسەن لە هەولێر دادگایی کرا!

-بەشی سێیەم-

هوشیار سالّح ئەمین

حەمە، پایزی تەمەنت 55 ساڵی خشتە و سەرت کلوی بەفرە، لەو دەمەی دەنوسیت، ئێستاشی دەگەڵدا بێت، جگە لەپەخشی مێتودی جنیوفرۆتن و ناو زڕاندن و لەکەدار کردن، چی دیت پێشکەش بەبزاڤی فیکری کوردی نەکردوە، ئەزموونەکانی ژیانت نیگەتیفن، خودانی پرۆسەی نوسینی ئاکاری مەعریفیانەو میتۆدیکی زانستانەنیت، دەی وێڕای ئەوانە. . تۆ بەچ هەقێک ئەو ناتور و تۆمەتانەی وەک {ناپاکی لەنیشتمان، خائین، خۆفرۆش، دوژمنی گەل، جاسوس، سیخور، سوپای میلی، بەعسی، سەدامی، نازی...نۆکەری بیگانە، فایلدار، بیٚ هەڵوێست، دز، پیاو کوژ، هەڵپەرست، دولارویست، ترسنۆک، جاهل، کۆنە پەرست، تیرۆوست، عەوام، بیٚ سەواد. تا دوایی}بەو خەڵک ولایەنانە دەڵێت، کی ئەو مافەی دوایتی؟ بیٚ هیچ بنەماو بەڵگەیەکی یاسایی تەنها بەبۆچۆنی ناوگیرفانەکانت دەپەیڤیت: (بەلامەوەوایە، خەڵکی وادەڵێن، ئەی بۆچی وانەبو؟، ئەوە دەگەیەنێت، کیٚ دەڵێت وانییە، دەبێت وابێت. . . تادوایی) دەی ئەوانەش پاکیان بەبەڵگەی یاسایی دانانرێن تا تۆ ئەو تۆمەت و بوختانانەی پیٚ پەردە پۆش بکەیت و بەسەر ئەو هەموو ئەدەیب و نشتیمانپەروەرو کەسایەتی مەزن و لایەنە سیاسییانەدا بەرات بکەیت؟، تۆ چیت، خۆت دەناسیت، فایلی ژیاننامە کەت وەبیر چۆتەوە؟

تۆ بەچ هەقێکی شەرعی و یاسایی و شارستانی و پێشکەوتوخوازی پەلاماری هەموان دەدەیت، لای داد نووس (کاتب العدل) و کام پەرلەمان و دەزگای رەسمییەوە، رێگەت پیٚ دراوە، ئاوا بیٚ هیچ بنەمایەکی دروست بەگژ دینادا بچیت؟ تۆ دەبێت لەناو کوردا دواهەمین مەردمیش نەبێت، پێناسەی نیشتمان بەسەر ئەم و ئەودا بەبەخشیتەوە، دەی تۆ خاوەنی ئەو فایلە جوانەی ژیانتیت! . . تۆ هێند بەبەژنی بلندی خۆتدا دەڕوانی و بوغرایانە، بڕوات بە (منی بالاٚ) هەیە، دەی فەرمو بەیەکجاری بڕۆرەوە کوردستان و وەک دەبێژیت خاوەنی هەزاران جەماوەریت، لەوێندەریٚ حزبێک پێک بهێنەو لەهەڵبژاردنی ئایندەی پەرلەمان هەموودەنگەکان بۆ خۆت زەفت کەو هەردو حزب -یەکێتی وپارتی- تیش فت بکە. . ئەو دەمە دەتوانیٚت وەک نوێنەری خەڵک بدوێت.

تۆ بۆ هیچ حاڵەتیکی پۆزەتیڤی ژیانی ئازادی کورد، ئەلتەرناتیڤ نیت، ئەکشنەکەت پەیامێکی نویٚ نییە و بە دەوری خۆتدا خول دەخۆیت. تۆ بە دیسکۆرسی نوسینی چەواشەکاری و وتاری دیماگۆگیانە خۆت فریو دەدەیت، دەی چاوەڕوانی وەڵامی زانستانەو بەربەست کردن و سزای یاسایش بکە. . بۆ ئەوەی خەبەرەکانی هاورێکەت، لا نەقشی بەردەنەبێت و هۆش بەبەر خۆتا بهێنیتەوە، ئەوراقەکان تێکەڵ مەکە، راستی قەزییەی دادگاییەکانت بەم جۆرەن:

(1) قەزییەی عەبدوڵا تەنها لەسەر ئەو دەعوایە نییە رۆژی 2004/2/17 لەسەرت تۆماکراوە، کە لە 2003/11/6 نوسینێکت بەنێوی - فایلرەشێکی نێو سەرکردایەتی پارتی- بڵاو کردەوەو گومانی پۆشینی بەرگی سوپای میللیت وەپاڵ ناوبراونا. لەوە بیٚ ئاگابویت دوای 2004/3/3 لەنەزانیتەوە گۆڕان و وەرچەرخانت بەسەر دەعواو قەزییەکەدا هێنا، تۆ خۆت نازانیت لەیاساش بیٚ ئاگایت، دەقێکی یاسای هەیە دەڵێت : الجهل بالقانون لایعد عُذرا- تۆ خودانی هزری خۆت نیت، دەبو خۆت لەسزای یاسا قوتارکردایە، پۆزەشت بۆهەڵەو تۆمەتەکانت بهانیبایەتەوە، یاخود بیٚ دەنگیت هەڵبژاردایە. دەی تۆ شێلگیرتر سەر لەنویٚ لەکوردستان نیتی 2004/3/3 نوسیوتە- من لەیەک وشەی خۆم پاشگەزنیم " ئاماژە بەنوسینەکەی 2003/11/6ت دەدەیت ودواتر دەپەیڤیت: باجی گوتنی راستی هەرچیەک بێت، دەیدەم و برۆ کام قوتە سەختەبیگرە- ئائەو نوسینەت لەبەردەم یاسادا ئیعترافێکی تازەبوو بەو تۆمەتانەی لە 2003/11/6 وەپاڵ ناوبراوت ناون.و مکووری خۆتی لەسەردەبرێت

بەوەش دەعوایەکی نوێت لەدادگا لەسەرتۆمارکراوەو ئەم بڕیاری حوکمی سێ ساڵ زیندانیەت بەسەردا درا، تۆ بەدەمی خۆت قەزیەکەت بۆ یاسا ساغ کردەوەو بوە دەعوایەکی (متداخل). . ئەوە تۆ نایزانیت، پرس بە یاساناسان بکەو راستیت بۆ دەرکەوێت.

حەمە تۆ بەوەوە نەوەستایت و نەزانانە لەسایتی بەرێزی کوردستان نێتی رۆژانی 2004/3/6، 2004/3/24، 2004/3/28/ 2004/5/20، 2004/6/13 کۆمەڵێک تۆمەتی نوێ وەک: (دزی، پیاوکوشتن، بەرتیل دەر. . تادوای وەپاڵ ناوبراو نا ئەوانەش بونە دەعوای نوێ یاسای و فایلی دادگایی کردنەکەتیان ئەستورتر وقەترانی کرد تا لە 2004/7/20 دا بەشێویەکی فەرمی و ئاشکرا، دادگای کەتنی هەولێر دادگایی کردیت و بڕیاری حوکمی سێ ساڵ زیندانی و سەدو پەنجا ملوین دینار سزای بەسەرتاداو دادگا ئەو بڕیارەی لەرۆژنامە رەسمییەکان دا بلاوکردەوەو رەوانەی دادگای تێهەڵچوونەوە (محكمه التميز)ی کرد لە 2004/8/20 دەرەجەی قەتعی وەرگرتوە.

2- دەعوای دادگای هەولێر کەتۆ دادوەرو دادگای هەولێرت بەم جۆرە تۆمەتبار کرد لەکوردستان نێتی 2004/6/3 دەنوسیت- ئەوە گەوجێتی بوو کەدادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، لەبری ئەوەی پێراگەیاندنە کە بۆ خۆم بنێرێت لەسایتی کوردستان نێتدا بلاوی کردەوە- تۆ بەوە شەوە دڵت ئاوی نەخواردەوە، بەشێوەیەکی بێ ئاگایانە، ناڵێم هیستریایانە: پەلاماری دادوەرو دادگای هەولێر دەدەیت لەکوردستان نێتی 2004/3/6 دەپەیڤیت : من بۆ بەردەمی دادگایەک دێمەوە ئازاد و سەربەخۆبێت، نەک کۆیلەی حزبی دەسەلاتدار. . ئەو یاسایەی ئێوە نیازتان هەیە منی پێ دادگایی بکەن ساڵی 1971 بەعس بۆ دەمکوتکردنی هەقبێژان دایرشتووە. . پێم سەیرە پێتان وایە، بەپێی خۆم دێمەوە بۆ سایەی هەمان چەقۆ. . وەلێ جێی داخە ئێوە نوێنەری دادنین. .. ئەو دادگایەی ئێوە نەک تەنیا هەر لە رووی نێو دەوڵەتیەوە، لەهیچ رویەکەوە شەرعی نییە. . دواتر شالاوی سوکایەتی و تەشهیر بۆ دادوەری دادگای حکومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی هەولێر دەبەیت و لە کوردستان نێتی 2004/3/25 دەپەیڤیت ئەو داد یارەی ئەو پێرگەیاندنەی مۆرکردوە، ئەگەر لەژێر فشاردا یان بەدەمچەورکردن نەیکردبێت، هیچ دورنییە، سەردەمی بەعس، هاوپۆشاکی دادخواز بوبێت- تۆ خوازیاری بەهەر شێوەیەک بێت دادگاو دادوەر تۆمەتبار بکەیت دەنا بەوشەی - هیچ دوورنییە- نەراستییە و نەبەڵگەشە، کەست پێ تاوانبار نەدەکرد. تۆ لەسەر ئەو تۆمەت بەخشینەوەیەت، دادگای هەولێر بەپێی مادەی 229ی یاسای سزادان دەعوایان لەسەر تۆمارکردیت وبڕیاربو 2004/12/29 دادگای بکرێت، دەی لێبوردنێکی تایبەت ورەسمی دەستەلات قوتاری کردیت. . فایلی مورافەعاتی دادگایی کردنەکەت ماوە..

3- حزبی یەکگرتووی ئیسلامی لەسەر ئەوەی هێرشت بۆ سەلاحەدین محەمەد بەهادین بردووەو تەشهیری شەخسیت پێ کردوە، بەرەسمی لەدادگا دەعوایان لەسەر تۆمارکردیت، دەی ئەمەش بەهۆی ئەو لێبوردنە تایبەتییەی دەستەلاتەوە، وەستێنرا.

4- تۆ بەردەوام بۆختان دەکەیت و جنێو بەسەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان -ئیدارەی سلێمانی. دەدەیت و سوکایەتیان پێ دەکەیت، بەپێی مادەی -229-و -433-ی یاسای سزادان دو دوعوایان لەسەر تۆمارکردویت و بڕیاری دادگای کەتنی سلێمانی بە(5) پێنج ساڵ (متداخل) حوکمی زیندانیت بەسەردا دراوە، دەی لەسەفەری دوەمت بۆکوردستان بۆچی بەرەو سلێمانی غارت نەدا؟ سور دەتزانیت پێوە دەبێت و خاوەن تەڵە بە زەبوونی دەتبینن. مەخابن مەدرەکی ئەو زانیاریەم بەدیکۆمێنت لا نییەو سەرچاوەیەک نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت ئەو زانیاریانەی بەزار درکاند.

5- تۆ بواغرای نێرگزیەت و منی بالا بویت، دەی ئەوەتا بەرپێی خۆت نابینیت و بێ ئاگایت و نازانیت کەنازنیت و هەمان ئەو رێبازە چەوتە دەگرێت، دوچاری کارەساتی کردویت. . ئەم جارەیان عەبدوڵا لەسەر نوسینی کوردستان نێتی 2005/3/25 دیسان تیایدا (تەشهیر وقەزف و شەتمت) کردوە هەر لەدادگای دهۆک نەک دادگای سلێمانی دەعوایەکی نوێی لەسەر تۆمارکردویت، چوەڕوانی دادگاییکردنت بکە.

حەمە دادگا لەسەر ئازادی بیردەربڕین وهەڵوێستی نیشتمانی وخەباتی پێشمەرگایەتی و بەرگری لەمافی مرۆڤ، بڕیاری حوکمی بەسەردا نەداویت و دادگا بەمادەی (433) لەسەر بۆختان هەڵبەستن وجنێودان و سوکایەتی پێ کردن وناوزڕاندن سێ ساڵ حوکمی زیندانی بەسەرتا داوە.

درێژەی هەیە

ئەمەش دیکۆمینتێك

ف .ل. دادی

دادگای لێکۆڵێینەوە هەولێر

2004/5/10

بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر

هاوپێچ لەگەڵ پەڕاوەکەدا تێ خوێن بەڕێز داواکاری گشتی دەخەینە بەردەست بەڕێزتان بۆ بڕیاری کۆتایی لەگەڵ ڕێزدا.

ل.د


سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر
ژمارە : ٥٨٩
ڕێکەوت : ٢٠٠٤/٥/١٠

بۆ / بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر

بابەت / گشتاندن

لەسەر بڕیاری بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر لە ٢٠٠٤/٥/١٠ .
دوو وێنە لە یاداشتی دەستگیرکردنی تۆمەتبار (حەمە سەعید حەسەن) بەپێی ماددەی (٤٣٣) لە ق. ع بۆتان ڕەوانە دەکەین بەمەبەستی گشتاندنی لەسەر بارگەکان و بنکەکانی پۆلیس و ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس هاتوچۆی هەولێر ، لەگەڵ ڕێزدا

دادوەری یەکەم



له داوێنی :

فایلی دیكۆمێنتی حەمە سەعی حەسەن لەهەولێر دادگای ی كرا!

-بەشی چوارەم -

هوشیار سالّح ئەمین

ئەو مەردمەی سەربوردەی ژیاننامەت بزانیتو ڤیچێك شارەزای دەرونت بێت، باش دەزانێت بۆچی ئاوا شەڕ بەو هەمو نوسەرو نیشتمانپەروەرو روشن فكرو لایەنە سیاسی یانە دەفرۆتیت، جنێویان پێ دەدەیتو سوكایەتی بەرابردویان دەكەیت و گەلێك جاریش پەنا بۆ ئەوە دەبەیت فایلی تەزویریان بەتەنگەدابدەین.

تۆ هەرچی بیت، شاعیرنیت، دەی شاعیر خاوەنی پەیامێكی مرۆڤانەو ئاشتیخوازانەیە، هەستی ناسكە، دڵو دەروونی پڕن لەمیهرەبانی وسۆزو خۆشەویستی،عاشقی تەبایی برایەتی یە، بەزمانی گوڵ دەدوێت، بڕوا ناكەم پەیامی شاعیر ڕێگەبدات هەستی مرۆڤی بەرامبەری بڕۆشنێت و دڵ بڕەنجێنێت. تۆ حەز بە ئازاردانی مرۆڤ دەكەیتو خودی خۆت بەشانازی یەوە ئاماژە بەشەڕ فرۆتنو ئازاردانی بەرامبەرەكەت دەكەیت..كەسانی سادی وئەوانەی دوچاری شیزوفرینیابون، حەز بەئازاری خەڵكو خۆیان دەكەن،دەی لەئاوینەدا سیمای ئیسماعیل خورماڵی شاعیرو روی گرژو شەڕانی خۆت بەراورد بكە، راستی ئەم رایەت بۆ دەردەكەوێت تازە هەڵچونی تەمەنت یارمەتیت نادات رو لەدنیای دلۆڤانو ناسكی شیعر بكەیتەوە. . تۆ تۆوی ئایدیۆلۆژیەتی كەراهیەت بڵاو دەكەیتەوە، تۆ هیچ رەئێكی پێچەوانەی بۆ چونو هەڵوێستەكانت قەبول ناكەیت، نامەكەت بۆ سامی شۆڕش گەواهی دەدەن.. گەرەكتە. . بەهەرەشەو شەر پێ فرۆتنو جنێودان مل بەرامبەرەكەت كەچ بكەیت، دەی بەوە لەتەك زەرقاویدا، خانەی تیرۆرستیان پێ دەبرێت، من بەنیازی كولاندنەوە، دەست لەسەر برینەكانت دانانێم، مەبەستم سارێژ كردنیانە،تا لەو دەردەی پێوەی موبتەلایت، رزگارت بێت، بۆمن شانازی یە ئەم زەنجیرە نوسینەم پرۆسەیەكی مەعریفی ناوەڕۆك نشتمانیو لەجەوهەردا ئەخلاقی بێت.

من نەجنێوت پێ دەدەمو نەسوكایەتیشت پێ دەكەم. . بڕوام بەوە نی یە جنێودان هەڵوێست و پەیامێكی پیرۆزبێت تۆ بەخۆت یەخەی بەرامبەرەكەت دەگرێتو بەكردەوە رۆحی شەڕپریت دەسەلمێنێت لەژمارە -34- ی 2005/4/22ی گۆڤاری روناهی دائەم بانگێشتەیەت هەڵداوە: مێردمنداڵێكی بزێو بووم لەكلاسی شەشی سەرەتایی بووم، رۆژێكیان سەری هاوتەمنێكی خۆم واخراپ شكاند، شەو پۆلیس هاتن بردمیان. . ئەوی سەریم شكاند ناوی بەكری حاجی عەلی بوو- تۆ لەمنداڵی یەوە شەڕ فرۆتی وشەیدای ئەو دیمەنەیت، بەدەستی خۆسەری مرۆڤ بشكێنێتو ببینیت چۆن خوێن بەسەرو دەمو چاوی دا دێتە خواری؟ دەی تەمەنت بەرەو چەمانەوە دەڕوات و سەروریش وسمێڵت سپی بون، هێشتا وەكی سەردەمی رۆستەمی زاڵ ریكلامی زۆرانبازیو شەڕە قۆچ دەكەیت. لە كوردستان نیتی 2005/9/12 ئەم پەیامی شەڕەنگێزیت رادەگەیەنیت - خەڵك واڕاهاتون خۆیان لەشەڕ لابدەن، وەلێ من بەدوای شەڕدا دەگەڕێم. . . ئەوە خۆمم وەختو شوێنی شەڕ دەستنیشان دەكەم،بڕیار لای خۆمە شەڕ لەگەڵ كام فیكروكام لایەن دەكەمو لەكام فیكرو كام لایەنی ناكەم- دەی كاتێك شەڕت بەبەكری حاجی عەلی فرۆت وسەریت خراپ شكاند، ئەو منالە بەسزمانە، سەربەكام فیكر یاخود لایەن بو؟.

تۆ کەهێندە خۆت بەپاڵەوانی شەڕدا دەنێت و خۆتی پێوە بادەدەیت دەزانیت چۆن دوچاری چەندەها تەنگەژەی کردوێت؟ دەی ئالەم سەردەمی عەولەو دایەلۆگەدا پرسیارێك یەخەت پێ دەگرێت، شەڕ بۆکێ هاتوە؟!.

ئەو پەیڤانەی بەرگری لەشەڕ پێ دەکەیت، ئاخاوتنی کەسانی موتەخەلیفی چاخە تاریکەکانی ناوەڕاستنو دەی چەقۆکێشەکانی بەردەم سینەمای رۆکسی کە بەرامبەر چایخانەی مورەبەعەیە لەبەغداد، بڕوایان بەوە نی یە، تۆ دەیڵێت و دەیکەیت، تۆ شیاوی ئەوەنیت لەسزای یاسای ی‌و دادگاو داد پارێزگاریت لێ بکرێتو بەلێ بوردنی دەستەلآت بدەبەخشنو خەلآتت بکەن. تۆ شیاوی بەندی ی چاکسازیتو دەبو لەسەر ئەو بوختانانەی بەمەبەستی ناوزڕاندنی عەبدولآ ئاگرین هەڵت بەستبوون،حوکمی سێ ساڵی دادگایەکەت، لەبەندیخانەی محەتەی هەولێر بنۆشیایە، حەمە . . من لای خۆمەوە، بڕیارمداوە تا لەژیاندا دەستم خامە بگرێت بەرەنگاری بوختانو هەڵەو چەوتیەکانت ببمەوە، هەموو ژیانم بۆ رووبەروبوونەوەی تۆ و سپی کردنەوەی بوختانەکانت تەرخان کردوە. دەی تازە وەك پسپۆڕێکی فسیۆلۆژی‌و سایکۆلۆژی‌و سیسیۆلۆژی، مێشك‌و ناخی دەرونت دەخوێنمەوە بەرگری لە تەواوی ئەوانە دەکەم، تۆ بەمەبەستی شەخسی‌و نیازی تایبەت و بەرژەوەندی خۆت شەڕیان پێ دەفرۆتی‌و جنێویان پێ دەدەیت، سوکایەتیان پێ دەکەیتو بوختانیان بۆ هەڵ دەبەستیتو مافیان پێ شێل دەکەیت.

حەمە تۆ نەتوانی بەبوختانەکانت سەرکردایەتی پارتی هەڵخەتێنێتو لەخشتەیان بەرێت، خوێنەریش چەواشەبکەیت، راپۆرتەکەی 2003/11/6ت بڕی نەکردو بۆسەرکرایەتی پارتی دەرکەوت، پاکی بوختان وتەپکەی ناڕاستی‌و گاڵتەجاڕێ بوو، نوسینەکانی دوای 2004/3/3 پشت هیچیان بنەمای راستی‌و بەڵگەی سەلمێنەریان تیانەبوو. دەی راپۆرتو نوسینەکانت ڤیچێك راستیت تیا شك ببردایە هەڵبەت خۆت لەیاساو دادگا نەدەشاردەوەو دەبو عەبدولآش نەك لەسەرکرایەتی دا نەهێلرایە، بەڵکو شەرەڤی ئەندامێتی پارتیشی لێ بسەنرایەتەوە. . سەرۆکی پارتی رایگەیاند: فایلدار، خۆ فرۆت، بەعس، خائن، جاسوس، سوپای میللی، جاش، لەسەرکرایەتی پارتی جێگایان نابێتەوەو چاو پۆشیشیان لێ ناکرێتو بەئاشکرا ئیجرائاتیان بەرامبەر وەردەگیرێتو لەپارتی دەردەکرێت.

حەمە: پاش نزیکەی دوساڵ لەراپۆرتەکەی 2003/11/6 لەسەر رۆشنایی تازەترین زانیاری وەدەست هاتو هەنوکە عەبدولآ ئاگرین لە سەرکرایەتی دایەو ئەندامی یەدەکی کۆمیتەی ناوەندی یە، بەپێچەوانەی راگەیاندنەکانتەوە لەگەڵ دکتۆر حەسەن سورەو دکتۆر جەرجیس حەسەنو قادر جەباری‌و دیاری حسین ئەندامی دەستەی چاودێری‌و پشکینی پارتی یە.

حەمە: بۆ ئەوەی ئەو دڵە بچوکەت کەجێگای میهرەبانی‌و خۆشەویستی و راستی تیا نابێتەوە، ڤیچێك ئارام بێت دوای راپۆرتەکەت،ساڵ پار تازەترین مودێلی ماشینی مۆنیکای پارتی درای ی.

حەمە ئەوەش بزانە بۆ رو بەرو بوونەوەی شالآوو بوختانەکانت،پێشەکی پرس‌و رەزامەندی ئەوشاعیرە داهێنەرو نیشتمانپەروەر دلسۆزانەم وەرگرتوە، کە بەرگریان لێ دەکەم. .

دە بۆ وەربیرخستنەوەت، ئەم دیکۆمێنتەت پێشکەش بێت.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق

وەزارەتی داد

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر

دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر

ل. دادی

ژمارە 638

ڕێکەوت: 2004/5/26

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی

ب/ گشتاندن

ئاماژە بەنوسوراوتان ژمارە(3946**)**

لە 2004/5/20

ئاگادارتان دەکەینەوە کەوا ناونیشانی تۆمەتبار حمە سعید حسن کەتۆمەتبارە بەپێی مادەی 433 **لە ی.س لەدەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستانە لەوڵاتی سوید لەشاری ستوکهوم دادەنیشێت بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزاندا**

لێکۆڵەری دادی

وێنە بۆ/ بەڕێوەبرەایەتی پۆلیسی

نوسراومان ژمارە(589 **لە**2004/5/10

بۆزانین


بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی
ب/ گشتاندن
ئاماژە بەنوسوراوتان ژمارە (٣٩٤٦)
لە ٢٠/٥/٢٠٠٤
ئاگادارتان دەکەینەوە کەوا ناونیشانی تۆمەتبار حمە سعید حسن کە تۆمەتبارە بەپێی مادەی ٤٣٣ لە ی.س لە دەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستانە لە وڵاتی سوید لە شاری ستوکهوم دادەنیشێت بۆ ئاگادارتان لەگەڵ ڕێزماندا
لێکۆڵەری دادی
وێنە بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر
نوسراومان ژمارە ٥٨٩/ لە ١٠/٥/٢٠٠٤
بۆ زانین

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ناوخۆ ژمارە:4152

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس ڕێکەوت:2004/5/27

جولانەوە

بۆ وەزارەتی ناوخۆ/ راوێژکاری –سەربازی

ب/ گشتاندن

نووسراویسەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر/ دادگای لێ:ۆڵینەوەی هەولێر/ فەرمانکەی لێکۆڵەرەوەی دادی ژمارە638 لە 2004/5/16

هاوپێچ یادشتی دەستگیر کردنی تۆمەتبار/ حمە سعید حسنلەمادەی 433 ی.ل بۆتان ڕەوانە دەکەین کەناوبراو دانیشتووی وڵاتی سویدە لەشاری ستۆکۆلم تکایە ئاگاداری خاڵێ سنوری ابراهیم خلیل بکەنەوە هرەکات ناوبراو هاتەوە بۆ کوردستان دەستگیری بکەن وەرەوانەی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێری بکەن لەگەڵ ڕێزماندا.

لێوای ماف پەروەر

جمیل خدر اسماعیل

بەرێوەبەری گشتی پۆلیس

هاوپێچ

یاداشتی دەستگیرکردن

وێنەیە بۆ/-

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناچوەی هەولێر/ دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر/ فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادی/ نووسراوتان لەسەروە بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا.

بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر/ دهوك/ سۆران/ دوابەدوای نووسراومان 3946 لە 2004/5/20 هاوپێچ یاداشتی دەتگیرکردنی ناوبراوی سەرەوە بۆتان رەوانە دەکەین بۆجێ بەجێ کردنی کاری پێویست..

رۆژنامەی خەبات / چوارشەممە2004/6/16 ژمارە (1470)

ئاگادارییەکان

دادگای کەتن لەهەولێر

ژمارە: 787/ك/2004

رێکەوت:2004/6/9

بۆ/ تۆمەتبار هەڵاتوو (حمە سعید حسن))

ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بەمادە 143 لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاریدا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبسەتی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەکاتژمێر (9) بەیانی لەبەرواری 2004/7/20 بەمەبسەتی دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر

سەرۆکایەتی دادگای تاوان لەهەولێر/1

XEBAT

ئاگادارییەکان

له داوێنی :

فایلی: حەمە سەعی حەسەن لە هەولێر دادگایی کرا!

-بەشی پێنجەم-

هوشیار ساڵح ئەمین

